هەرێم: لیژنەی باڵای بینینی مانگ لە ئێوارەی سبەی هەینی کۆدبنەوە و چاودێری بینینی مانگ دەکەن

وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافی هەرێم رایگەیاند، لیژنەی باڵای بینینی مانگ لە ئێوارەی سبەی هەینی کۆدەبنەوە و چاودێری بینینی مانگ دەکەن و بڕیار لە یەکەم رۆژی مانگی رەمەزانی پیرۆز دەدەن.

ئەمە پێنجشەممە ٢٧ی شوباتی ٢٠٢٥، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافی هەرێم رایگەیاند، لیژنەی باڵای بینینی مانگ لە هەولێر و لیژنە لاوەکییەکانی پارێزگاکان لە ئێوارەی رۆژی هەینی ٢٨ی شوبات کۆدەکاتەوە ٢٩ی شەعبان، کۆدەبنەوە و چاودێری بینینی مانگ دەکەن.

وتیشی، لە دوای بینین یان نەبینینی مانگ بڕیار لەسەر یەکەم رۆژی مانگی رەمەزانی پیرۆز دەدەن.

ئاماژەی بۆشکرد، ئەگەر ئێوارەی هەینی مانگ بینرا رۆژی شەممە دەبێتە یەکەم رۆژی مانگی رەمەزان و ئەگەر مانگ نەبینرا رۆژی یەکشەممە دەبێتە یەکەم رۆژی مانگی رەمەزانی پیرۆزی ئەمسا